# چارەنوسی سێ دەوڵەت بەکوێ گەیشت؟

## کەسیستەمەکانیان بەهەمواری دەستوری لە پەرلەمانیەوە گۆردرا بۆ سەرۆکایەتی

وەرگێران: گەیلان عەباس



Email: gailan-89@hotmail.com

تشرینی دووەمی 2016

# چارەنوسی سێ دەوڵەت بەکوێ گەیشت

**کە سیستەمەکانیان بەهەمواری دەستوری لە پەرلەمانیەوە گۆردرا بۆ سەرۆکایەتی ؟**

سەرچاوە: زەمانی تورکی وەرگێران: گەیلان عەباس

ماوەیەکە لە تورکیادا پرسی گەرم بریتیە لە گۆڕینی سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی بە میکانیزم و رێگای دیموکراسیانە؟ بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەگەر هاتو ئەم پێشهاتە لە تورکیادا رویدا، ئایا دەرئەنجامی ئەم گۆڕانکارییە چ لێکەوتەیەک بۆ سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە بەدوای خۆیدا دەهێنێت؟

مامۆستایەکی زانستی سیاسی لە زانکۆی (ئۆستن) لە تەکساس: ئەمریکا (پرۆفیسر جۆن گرینگ) لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی بی بی سی تورکی لەم بارەیەوە دەڵێ "ئەو دەوڵەتانەی کە لەڕابردودا دوچاری گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی هاتون، لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی، لە ڕیزی دەوڵەتانی گەشەسەندوی دیموکراتی نەبون، بەڵکو ئەو دەوڵەتانە بون کە لەسەرەتای رێگادابون یاخود دەوڵەتی دواکەوتوبون" سەر ئەنجامیش سەریان کێشاوە بۆ هێنانە ئارای دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر.

(پیتەر بۆسرد) کەسایەتی ئەکادیمی و مامۆستای زانستی سیاسی و دامەزراوە هەڵبژاردنیەکان لە زانکۆی شیکاگۆ، پێی وایە کە تەنها هەندێک دەوڵەتی باشوری بیابانی گەورەی ئەفریقا ئەم رێگایەیان بەگونجاو زانیوەو بەکاریانهێناوە بۆ گۆرانکاری لە سیستەمی سیاسی وڵاتەکانیاندا.

لەم پێناوەدا سەرنجی سێ کەسایەتی پسپۆر لەسیاسەتی ئەو دەوڵەتانە وەردەگرین کە پێشتر بەو ئەزمونەدا تێپەریون، ئەوانیش هەریەک لە وڵاتانی وەک " غانا، مالاوی و زیمبابۆی".

بۆ ئەوەی بزانین ئایا دوای گۆڕینی سیتسەمی سیاسی لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی لەو وڵاتانەدا ئەو گۆرانکارییانە چی بون کە ئەو سیستەمە بۆ ئەو دەوڵەتانەی بەرهەم هێنا؟.

## زیمبابۆی لە کۆتایدا بوو بە دەوڵەتێکی دیکتاتۆر

لە ساڵی ١٩٨٧ سیستەمی سیاسی وڵاتی زیمبابۆی لە پەرلەمانیەوە گۆڕدرا بۆ سەرۆکایەتی، ئەوەش لەڕێگەی هەمواری دەستوریەوە. ئەم گۆڕانکارییە دوای ئەوە هاتە ئاراوە کە ئەو وڵاتە لەلایەن (رۆبەرت مۆگابی) یەوە حکوم دەکرا لەماوەی ساڵی ١٩٨٠-١٩٨٧، کە ئێستا لە تەمەنی ٩٢ ساڵیدا دەژی، مۆگابی ئەو کات سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە بوو، دوای هەمواری دەستوری بەدواوە گۆرانکاری بە سەر پۆستی سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتەدا هات، کە پێشتر ئەو پۆستە تەنها پۆستێکی تەشریفاتی بوو، لەو بەرواره بەدواوە بوە بە نێوەندی دەسەڵات و بریار لە زیمبابۆی.

(ئەلێکس ماجسیا) کەسایەتی ئەکادیمی لە کۆلێژی یاسای زانکۆی (کنت)ی ئینگلیزی، کە لەنزیکەوە چاودێری سیاسەتی وڵاتی زیمبابۆی دەکات لەمبارەوە پێی وایە کە تاکە هۆکاری گۆرینی سیستەم لە زیمبابۆی لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی پەیوەست بوو بە خواستی کۆکردنەوەی کۆی دەسەڵاتەکان لەیەک ناوەندی دەسەڵاتدا. ماجسیا دەڵێ" مۆگابی هیچ کات خۆشحاڵی بە سیستەمی پەرلەمانی نەدەهات، هەر بۆیە دەیخواست سیستەم بکاتە سەرۆکایەتی، تاوەکو زیاتر مافی کۆکردنەوەی هێزو بەکارهێنانی دەسەڵاتی لەدەستدا بێت" هەربۆیە دواجار بەو رێگایە

دەسەڵات بەخشرایە تاکە کەسێک، لێرەوە پەرلەمان لاواز کراو وڵاتیش ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرت.

هاوکات ماجسیا دەڵێ" گۆڕانی سیستەم لە زیمبابۆی لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی، وڵاتەکەی کردە دەوڵەتیکی شمولی و دیکتاتۆری و لەو بەروارەوە تا ئێستا دیکتاتۆریەت لە زیمبابۆی بەردەوامی هەیە". دواجار دەڵێ" سیستەمی پەرلەمانی بۆ زیمبابۆی گونجاوتر بوو، چونکە سەرۆکی وەزیران خۆی ئەندامی پەرلەمان بوو، هاوکات خاوەنی بەرپرسیارێتی بوو لەبەردەم پەرلەمانداو لەئەگەری هەر پێشهاتێکیشدا روبەروی لێپرسینەوەی پەرلەمانی دەبوویەوە. بەڵام لەم سیستەمە سەرۆکایەتیەدا هیچ کات سەرۆک و کەسی یەکەمی وڵات ناتوانرێ لەلایەن پەرلەمانەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت و بهێندرێتە بەردەم نوێنەرانی ئەو وڵاتە لە پەرلەماندا بۆ لێپرسینەوە".

**رۆبەرت مۆگابی لەساڵی 1987 تا ئێستا سەرۆکی کۆماری زیمبابۆیە**



## مالاوی بوو بە دەوڵەتیکی حیزبی

ساڵی ١٩٦٥ وڵاتی مالاوی سەربەخۆی خۆی لەرێگای سیستەمی پەرلەمانیەوە راگەیاند. بەڵام ساڵی ١٩٦٦ سیستەمی ئەو وڵاتە گۆڕدرا بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی، لەو رێکەوتەوە (هاستینگز باندا) بوە سەرۆکی وڵات. هەرچەندە پێشتر لە مێژوی دروست بون و راگەیاندنیەوە پۆستی سەرۆک وەزیرانی مالاوی لەدەستدا بوو.

(کۆسبێرت کاتشالی) ٧٣ ساڵ یەکێک بوو لەوانەی کە لەسەردەمی ئەو گۆرانکاریانە لە مالاویدا ژیاوە و لەوبارەوە پێی وایە "لەگەڵ گۆرینی سیستەمی سیاسی مالاوی بۆ سەرۆکایەتی، ئاراستەی ئەو وڵاتە گۆڕدرا بە وڵاتێکی دیکتاتۆری". کاتشالی لەم بارەوە دەڵێ "پێشتر تەنها پەرلەمان خاوەنی دەسەڵات بوو، بەڵام لەگەڵ بارگۆڕانی سیستەمی سیاسی، مالاوی کرا بە دەوڵەتێکی تاک حیزبی (حیزبی کۆنگرەی مالاوی)، کە تەنها (هاستینگز باندا) لە مەراسیمەکاندا بەرێوەی دەبرد". هاوکات کاتشالی پێی وایە دوای پێنج ساڵ لە جێگیرکردنی سیستەمی سەرۆکایەتی، لەساڵی ١٩٧١وە بەفەرمی و بۆ ئەبەدی باندا کرا بە سەرۆکی هەمیشەی وڵاتی مالاوی. کاتشالی ئامارە بۆ ئەوەش دەکات کە ئەوکات خۆی وەک کەسێکی بیرۆقرات لە وڵاتەکەیدا کاری کردووە، باس لەوەش دەکات کە لەو زەمەنەدا مالاوی چۆن لە سایەی سیستەمی سەرۆکایەتیدا بەڕێوە براوە. کاتشالی دەڵێ " لە سیستەمی نوێی مالاویدا پێشنیاری پێنج نوێنەر دەکرا لەسەر ئاستی هەرناوچەیەک بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی، لەو ژمارەیەشدا باندا خۆی کەسێکیانی دور لە هەڵبژاردن دەکردە ئەندامی پەرلەمان و دایدەمەزراند. هەر ئەمەش وایکرد کە مالاوی پاش ماوەیەکی کەم ببێتە دەوڵەتی تاکە پیاوێک، دەوڵەتێک کە تەنها کەوتە دەست تاکە کەسێک. سەرئەنجام ئیدارەدانی وڵات بەبێ بونی دەنگی نارەزایی و ئۆپۆزسیۆن لەبەرامبەریدا، تاکە هۆکار بوو تاوەکو باندا سیستەم لە پەرلەمانیەوە بگۆرێت بۆ سەرۆکایەتی".

کاتشالی پێی وایە نەبونی دەنگی نارەزایەتی وایکرد کە مالاوی ببێتە دەوڵەتێکی شێوە پادشایەتی مەترسیدار، دەوڵەتێک کە بۆ ماوەیک کەوتە قۆناغی ئیرهابیەوە، بەجۆرێک لەماوەیەکی دیاریکراودا نزیکەی ٢٠ هەزار کەس بونە قوربانی و ژیانیان لەدەستدا، هۆکارەکەش ئەوەبوو کە هەرکەس دژ بە سیاسەتی باندا نارەزایەتی دەرببریایە دەکوژرا یاخود دەگیرا. بەو پێیەی لە سیستەمی سەرۆکایەتیشدا پەرلەمان ناتوانێ لیپرسینەوە لەسەرۆک بکات بە هێچ شیوەیەک، ئەمەش دەستکرانەوەی دیکتاتۆری زیاتر بەخشی بە باندا.

لەساڵی ١٩٨١ کاتشالی لە دەست دەسەڵاتەکەی باندا هەڵهات و ناچار بوو وڵاتەکەی جێبهێڵێ، لە ئێستاشدا کاتشالی بەرێوەبەری دامەزراوەیەکی فێرکاریە لەمالاوی.

**هاستینگز باندا 1966- 1994 لە پۆستی سەرۆک وەزیران و سەرۆک کۆماری مالاوی**



## کە بوو بەسەرۆکی غانا سەرجەم پارتە سیاسیەکانی داخست

غانا نمونەی دواین دەوڵەتە کە سیستەمەکەی لە پەرلەمانیەوە گۆڕدرا بۆ سەرۆکایەتی. غانا لە ساڵی ١٩٥٧ دروست بوو، ئەوکات لەرێگەی سیستەمی پەرلەمانیەوە بەرێوەدەبرا. ئەم دۆخە بەردەوامی هەبوو تا ئەوکاتەی سەرۆک وەزیران (کوامی نیگرۆما) لەساڵی ١٩٦٠ راپرسیەکی بۆ گۆرینی سیستەمی سیاسی لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجامدا، لێرەشەوە نیگرۆما بوو بە یەکەم سەرۆک کۆماری غانا.

لەمبارەوە دیبلۆماتتاری دێرین و سکرتێری تایبەتی نیگرۆما (کواکوا بابرۆ ئەسانتی) دەڵێ" لەکاتی دروستکردنی وڵاتدا، نیگرۆما وای دەزانی کە دەتوانێ غانا لەرێگای سیستەمی سەرۆکایەتیەوە بەرێوە ببات، لەگەڵ ئەوەشدا لەهزری نیگرۆمادا بانگەشەی بەرەوپێشوەچونی خێرا ئامادەی هەبوو، هەربۆیە دواجار گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە باشترین توانای ئیداری بۆ بەرێوەبردنی وڵات، تەنها لەسایەی سیستەمی سەرۆکایەتیدا دێتە بەرهەم، هاوکات پێی وابوو سیستەمی سەرۆکایەتی بابەتێکی چارەنوسسازە بۆ هێنانە ئارای پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئابوری و کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگای غانادا.

لەگەڵ گۆرینی سیستەمی سیاسی غانا بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی لەساڵی 1964، نیگرۆما زۆر بەخێرای پێشنیاری قەدەغەکردنی پارتە سیاسیەکان، جگە لەپارتەکەی خۆی بۆ رای گشتی راگەیاند، ئەنجامی راپرسییە جەماوەریەکەش بە جۆرێک بوو کە سەرئەنجام هاوڵاتیان رێژەی 99% بە بەڵێ دەنگیاندا بۆ بریاری قەدەغەکردن و هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم پارتە سیاسیەکانی وڵات جگە لەپارتەکەی نیگرۆما. هەر ئەمەش وایکرد کە بۆماوەیەکی درێژ گفتوگۆی قوڵ بێتە ئاراوە دەربارەی ئەنجامنەدانی هیچ راپرسیەک لەژێر سایەی ئەو بارودۆخە نادادپەروەرەی کە حوکمی نیگرۆما هێنابویە ئاراوە.

دواجار لەساڵی 1966 لەرێگەی کودەتایەکی سەربازیەوە نیگرۆما لە دەسەڵات دورخرایەوە. دواتر لەساڵی 1969 پاش کۆتای هاتنی حوکمی سەربازی و میلیتاری، دوبارە غانا گەڕایەوە بۆ ژێر سایەی حوکمی سیستمی پەرلەمانی. لێرەوە (کۆفی بوسیا) بەریوەبردنی وڵاتی گرتە ئەستۆ بە سیفەتی سەرۆک وەزیرانی وڵات، لە ئەرکەکەشی بەردەوام بوو تا جارێکی دیکە لەساڵی 1972 لەرێگەی کودەتایەکی دیکەوە لەدەسەڵات دورخرایەوە.

**کوامی نیگرۆما یەکەم سەرۆکی غانا 1960-1966**



گێرانەوەی ئەم نمونەو ئەزمونە مێژویانە، بۆ ئەو مەبەستەیە کە بگوترێت لەگەڵ گۆرینی هەر سیستەمێکی سیاسی لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی لەرێگای هەمواری دەستوریەوە، هاوشێوەی ئەزمونەکانی ئەفریقا، بەتایبەت لەولاتانی دواکەوتوو، تەنانەت ولاتانی تازە پێگەیشتوی خۆرهەلاتی ناوەراستیش، ئەگەر هەیە ببێتە هۆکاری هێنانە ئارای سیستەمێکی دیکتاتۆر و دەسەلاتێکی تاکرەو.

لە ئێستاشدا تورکیای ئەردۆغان دەخوازێ لەرێگای هەمواری دەستوریەوە سیستەمی سیاسی ولاتەکەی بگۆرێ، بەلام پرسیارەکە ئەوەیە کە چ چارەنوسێک چاوەروانی تورکیا دەکات؟ ئایا هەمان چارەنوسی زیمبابۆی و مالاوی و غانا روبەروی تورکیا دەبێتەوە؟ یاخود تورکیای سیستەمی سەرۆکایەتی بە سیناریۆیەکی جیاواز خۆی بەیان دەکات؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە لە ئایندەدا شایەتی رودانی دەبین. (وەرگێر)